# ئاوڕدانەوە لە ڕابوردوو ... بۆ وێنە کتێبی (عەبدولقادر قرگەیی؛ ڕووناکبیرێکی ڕابەر)

حەکیم مەلا ساڵح
(هەڵەبجە)




چەند ساڵێکە ڕۆژنامەنووس (زانیار سەردار قرگەیی)، وەک لاوێکی دڵسۆزی پەیڤ و بزاڤی ڕووناکبیری، دەستی قەڵەمی گرتووە و سەرگەرمی خزمەتکردنە بە ڕەوتە ڕۆشنبیرییەکەمان، بە تایبەتی یەکێک لە کارەکانی چاپکردنی کتێبێکە بە ناونیشانی "عەبدولقادر قرگەیی" ڕووناکبیرێکی ڕابەر!، لە قەوارەیەکی باشی (٢٦٥) لاپەڕەییدا.

ئەز بۆ خۆم زۆر شاد بووم بەوەی ئەو بەرهەمەم خوێندەوە، چونکە:

**یەکەم:** بە بەڵگەنامەی جوانەوە کتێبەکەی ڕازاندووەتەوە، کە هەموویان ئەوە دەردەخەن (عەبدولقادر قرگەیی) ئەو نووسەرە گومناوە، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا قەڵەم بەدەستێک بووە و بە دڵێکی پڕ لە خورپەوە خزمەتی خۆی بە گەل و نیشتمانەکەی کردووە.

**دووەم:** بەرهەمەکانی ئەو کەڵە پیاوە کە زانیار قرگەیی بە هەوڵ و کۆششی خۆی زیندووی کردوونەتەوە بریتین لە (شیعر، چیرۆک، بابەتی منداڵان، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، کە ئاوێنەیەکن هەم کەسایەتی شاعیر عەبدولقادر قرگەیی دیاری دەکەن و هەم گۆشەیەک لە باری ڕووناکبیریی ئەو سەردەم و ڕۆژگارەمان دێننەوە بەرچاو، بەتایبەتی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە.

**سێیەم:** بایەخدانی گۆڤاری هەتاو بەو ژانرە ئەدەبیانە و هەندێک جار دروستکردنی مشتومڕ لە نێوان ڕووناکبیراندا کارێکی شایان بووە و هەوڵێک بووە بۆ شڵەقاندنی گۆمە مەنگەکە، (عەبدولقادر قرگەیی)ش وەک نووسەرێکی ئەو سەردەمە بەشداری لەو مشتومڕانەدا کردووە و بەرهەمی بیری خۆی خستووەتە ڕوو. هەروەک کاک زانیار قرگەیی زیندووی کردوونەتەوە.

**چوارەم:** هێنانەوەی ژیانی بنووسێکی لەبیرکراو کارێکی بەنرخە و چاک وایە هەموو لایەکمان بە خەمی ئەم کارە شیاووە بین، چونکە ئەو پیاوە گومناوانە لە ڕۆژگارێکی تەنگدا قەڵەمیان خستووەتە گەڕ و خزمەتی گەلیان پێ کردووە.

ژیانەوەی ژیان و بەرهەمی ئەو خەمخۆرانەی دێرینمان ئەرکێکی گەورەی سەرشانی هەموومانە.

بنکەی ژین کە دامەزراوەیەکی گەلێک بە خزمەتە و هەردوو برا (سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح) گرتوویانە بەکۆڵەوە و ئەو هەموو ڕۆژنامانەی کۆنیان زیندوو کردووەتەوە، بۆ ئێمەی ئەمڕۆ لە گەلێک ڕووەوە سەرچاوەی بە نرخن و ئاوێنەیەکی باڵانوێنی سەردەمانی پێشوومانن و دەبێ دەستی ڕێزیان بۆ بەسنگەوە بگرین.

خزمەتی ئەو دووبرا بەڕێزە بە قەڵەمی من نایەتە تەحریر، بەڵام ئەوەندە دەڵێم: زانیار سەردار قرگەیی هەوڵ بدات ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی سەردەمی ژیانی مامۆستا عەبدولقادر قرگەیی باش بپشکنێ بۆ ئەوەی ئەگەر لە هەر گۆشەیەکی گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی دیدا بەرهەمی ئەم پیاوە مەزنەی دەستکەوت بیانبووژێنێتەوە، کە دەبێتە خزمەتێکی تەواو لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەم پیاوە، بەوەیش پڕۆژەکەی تۆکمە و پەرداختر دەبێت.

لەم ڕووەوە ئەمڕۆ کارکردن بۆ نووسەران لەو بارەیەوە زۆر ئاسان بووە، چونکە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان خراونەتە سەر (سی دی) و هەر ناوێک مەبەست بێت، دێ بە دەستەوە، بەوەیش گرێ پووچکەکان دەکرێنەوە و دەبنە یارمەتیدەرێکی باش بۆ هەر کەسێک کە لەو بوارەدا کار بکات.

عەبدولقادر قرگەیی لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا قەڵەمی خۆی ڕانیوە؛ ئەو سەردەمەی گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکەی جگە لە (هەتاو) هەبوون و پێم وا نییە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەیشدا بەرهەمی دیکەی نەبێت، لەبەر ئەوە داوام لێی ئەوەیە بە دوای ئەو مەبەستەدا ڕوو لە بنکەی ژین بکات، بەڵکو ئەمە خوایە پڕۆژەکەی دەوڵەمەندتر ببێت و خوا یار بێت، (عەبدولقادر قرگەیی)ش وەک خۆی تەشریف بێنێتەوە ناومان و بە هەموو بەرهەمەکانی چاومان ڕوون ببێتەوە.

ئەوکاتە وا دەزانم پڕۆژەکەی زانیار سەردار قرگەیی پەل بۆ چەند کتێبێک دەهاوێت وەک:

١- شیعرەکانی مامۆستا ع. قرگەیی.
٢- چیرۆکەکانی.
٣- وتار و ڕەخنەکانی.
٤- شانۆنامەکانی.
٥- بابەتی منداڵان.
٦- بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی و چەندێکی تریش، کە بەمەیش خزمەتەکە گەورەتر دەبێت.

جگە لەم بەرهەمەیش، ڕۆژنامەنووس زانیار قرگەیی، ماوەی چەند ساڵێکە خەریکی چەند کتێبێکی گرنگی دیکەش بووە، یان لە شێوەی لێکۆڵینەوە، یان وەک سازدانی چەندان دیدار لەسەر بیرەوەرییە زێڕینەکانی گەورەپیاوان و شارەزایانی بەئەزموونی نەتەوەکەمان وەک کاکە حەمەی مەلا کەریمی مودریس، د. کەمال مەزهەر، د. عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ، د. ئیحسان فوئاد، د. نەسرین فەخری، د. مستەفا زەڵمی، ئەوڕەحمانی نفووس، د. کاوس قەفتان و...تاد، بەمانەیش کۆی گشتیی بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەم نووسەرە لاوە گەیشتووەتە پازدە بەرهەمی بەنرخ و نایاب.

جگە لەوەیش چەند بەرهەمێکی دیکەی ئامادە کردووە و بۆ چاپکردن کاریان تێدا دەکات.

وەک بیستوومانە هەندێک کەس لاقرتێ بەم کارەی زانیار قرگەیی دەکەن، بەڵام ئەوە هیچ لە جێگەی خۆیدا نییە، بەڵکو دەبێ دەستخۆشیی لێ بکەین و پتر هانی بدەین بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەندێک ئاوێنەی تەڵخبووی کۆنمان بۆ جەلا بدات، با باری ڕۆشنبیریی ڕابوردوومانی تێدا ببینینەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: دەستت خۆش زانیار سەردار قرگەیی! ماندوو نەبیت و گوێ لە هەندێک قسەی بێ بنەما مەگرە.